

### ئەحمەد بەحری بەرپرس و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری مەهاباد:

# ئەزموونی کوردستان زیاتر هاندەری بەرەوپێشچوونی بزاڤی رۆژنامەگەرییە لای ئێمە

**✿ بزاڤی رۆژنامەگەری کوردی بە درێژایی مێژوو ئەو زەمینەیەی بۆ نەڕەخساوە ئازادانە گوزارشت لە خواستە راستەقینە و خۆزگەکانی گەلی کورد بکات، لە پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی باشوور ئەو زەمینەیە رەخسا بۆ زۆر بواری رۆشنبیری و هونەری لە نێوانیاندا بزاڤی رۆژنامەگەری ئازاد و سەربەخۆ، ئەم گۆڕانکارییە لەم بەشەی کوردستاندا راستەوخۆ کاریگەری بە سەر تەواوی ئەوبزاوتانە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە هەبوو.**

**شاری مەهاباد ئەو سەرزەمینە پیرۆزەیە یەکەمین ئەستێرەی هیوا و خواستی ئەم گەلە لەوێوە هەڵهات و هەر لەوێش ئاوابوو، ئەویش کۆماری کوردستان بوو، لەم شارەدا بزاڤێکی سیاسی و رۆشنبیری و هونەری بەرچاو هەیە کە شانبەشانی شارە گەورەکانی کوردستان هەنگاو دەنێت، گۆڤاری مەهاباد یەکێکە لە گۆڤارە جوانەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و تا ئێستا بە بەردەوامی دەردەچێت، لە سەردانێکی بەڕێز ئەحمەد بەحری بەرپرس و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری مەهاباد بۆ هەولێری پایتەخت ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سازدا لە بارەی گۆڤارەکە و رەوتی رۆشنبیری رۆژهەڵات.**

**دیمانە/ نامق هەورامی**
namqhawramy@yahoo.com

*** دیارە هەر گۆڤار و بڵاڤۆکێک ئارمانجی تایبەتی خۆی هەیە، ئامانج و رەوتی کارکردنی گۆڤاری مەهاباد و بیرۆکە و دامەزراندنی ئەو گۆڤارە چۆن سەرچاوەی گرت؟**

-گۆڤاری مەهاباد گۆڤارێکی سەربەخۆیە، هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ باڵێکی سیاسییەوە نییە لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان و لە خودی ئێرانیشدا، زۆر هەوڵمان داوە و بەردەوام دەبین لە پاراستنی سەربەخۆیی ئەو گۆڤارە ئێمە هەستمان بە بۆشایی رۆژنامەگەری کرد لەو شارەدا بەدڵنیاییەوە لە دوای ساڵی ١٣٢٤- تا دەرچوونی ئەو گۆڤارە بڵاوکراوە نەبووە لە مەهاباد دا.

ئێمە لە سەرەتاوە لەوە دەترساین سەرکەوتوو نەبین بەڵام خۆشبەختانە تا ئەم کاتەی ئێمە قسە دەکەین ٤٥ ژمارەی لێدەرچووە، دەبێت ئەوەم لە یاد نەچێت تەواوی خەرجی ئەو ژمارانە و تەنانەت کەرەسەی نووسینگەکەشمان بە هاوکاری و کۆمەکی خەڵک دابینکراوە ئەمەش گوڕ و توانایەکی بەخشییە رەوتی کارکردنی ئێمە.

*** ئەوو تەوەر و بابەتانەی لە گۆڤارەکەتاندابایەخی پێدەدەن؟**

-ئێمە گۆڤارەکەمان چەند تەوەرێک لە خۆ دەگرێت جگە لەوەی دوو بەشە، کوردی و فارسی، گۆڤارەکە ٦٤ لاپەڕەیە و لەو لاپەڕانە ١٥-٢٠ لاپەڕەی فارسییە و لەم بەشە فارسییەدا وتووێژی مەدەنیانە لە بارەی خواست و گیروگرفتەکانەوە کراوە جگە لە ناساندنی ئەدەب و کلتوری کورد بە فارسەکان بەشە کوردییەکەش دوو تەوەری سەرەکییە. تەوەری یەکەم فەرهەنگی کۆمەڵایەتی گشتییە، بەشەکەی تری فەرهەنگییە لەم بەشەدا شعر و چیرۆک لە ناوە و دەرەوە بڵاو دەکەینەوە، تەنزیش بڵاو دەکەینەوە و جاروباریش خۆمان لە قەرەی سیاسەت دەدەیت.

*** بە بەراورد لەگەڵ گۆڤار و بڵاو کراوەکانی ئەو دیوو، رەوتی رۆژنامەگەری لێرە چۆن دەبینن؟**

– لە کوردستانی ئێران چەند ساڵێکە ئازادی چاپەمەنی دراوە بە بڵاوکراوە کوردییەکان، لە کوردستانی بەشی ئازەربایجان گۆڤاری مەهاباد تاکە گۆڤار بوو دەرچوو، لە ئوستانی کوردستان زرێباریش مۆڵەتی کاری هەبوو، دواتر ئاویەر و سیروان و رۆژهەڵات دەرچوون دەورێکی باشیان هەبوو، بەڵام کاریگەری رۆژنامەگەری ئێرە لەوێش هەیە، بڵاوکراوەی دانشجو«قوتابیانی زانکۆکان» دەورێکی باشی هەبوو لەونێوەندەدا، بە تایبەتی پاش هاتنە سەرکاری خاتەمی فەزایەک دروست بوو بۆ زیاتر نەفەس کێشان لە ئازادی کوردەکان و لە زۆربەی دانیشگاکانی «زانکۆ»ئێران کوڕ و کچە کوردەکان بڵاوکراوەیان دەردەکرد هەرچەندە ئەزموونیان نەبوو لە بواری رۆژنامەگەریدا بەڵام هەنگاوی باشیان ناوە، دیارە ئەو ئازادییەی ئێرە زیاتر هانی ئەوانی داوە لەو بوارەدا بەڵام دەبێت کورد یەکگرتووبێت چونکە ئەگەر ئەو دوو ئێدارەییە درێژە بکێشێت رەنگدانەوەی خراپی دەبێت رەوتەکە لە کوردستانی ئێران.

سەردانەکانی شاندی رۆشنبیری لە هەردوولاوە دەبێت زیاتر برەوی پێبدرێت بۆ ئەوەی زیاتر لە ئەزموونی یەکتر سوودمەندبین.

چاپکردنی بەرهەمی نووسەران لێرە بەتایبەت نووسەرانی ئەودیو کارێکی باشە و ئەگەر بەردەوام بێت هەنگاوێکی دروستەو و رەنگدانەوەی دروستی دەبێت هەروەها هەوڵ بدرێت چاپەمەنی و گۆڤارەکانی ئێرە بێنە ئەو دیو لەوێشەوە بە پێچەوانەوە ئەمە زیاتر ئاشنایەتی دروست دەکات.

*** دوا وتەتان..**

– دەبێت گرنگی کەناڵە ئاسمانییەکان لە بیر نەکەین و کاریگەرییان زۆرە لەسەر پەروەردەکردنی خەڵکی کوورد لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان، مایەی دەستخۆشییە و پێویستە زیاتر گرنگی بە بەشەکانی تری کوردستان بدەین و بڕواتان هەبێت لە خۆشی ئەو کەناڵانە زۆر لە کوردەکان تەنانەت لە گوندەکانیشدا سەتەلایتیان داناوە.

لە کۆتاییدا سوپاسی ئێوەش دەکەم و سەرکەوتووبن. ■